# ڕەهەندە ئابووریەكانی
# ڕێكەوتننامەی سایكس -پیكۆ

پ.د. قادر محمد حسن
بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان
كۆلیجی یاساو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان
زانكۆی نۆلج

**پێشەكی:**

ئاشكرایە كە ڕەهەندی ئابووری پێگەیەكی گرنگی لە ئاڕاستەكردنی مێژوو ڕەنگرێژكردنی سیاسەتی هەر سەردەمێكدا هەیە،چونكە دۆخی ئابووری لەسەردەمە جیاوازەكاندا كاریگەری ئەرێنی یاخود نەرێنی لەسەر ڕەوتی سیاسەت داناوە، لەم سۆنگەیەوە ئابووری لەمێژووی هاوچەرخدا پتر لە پەیوەست بە نەوت كاریگەریەكەی دیارە ، بەتایبەتی پاش بەرهەمهێنانی ئابووریانەی نەوت لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانی ،ئەمەش چونكە وەكو سەرچاوەیەكی سەرەكی ووزە زیاتر لە سەدەیەكە ماكینەی پیشەسازی و تەكنەلۆجیای دنیا ،بەنەوت و پێكهاتەكانی هەڵدەسوڕێ .ئابووری دنیای بەخۆوە پابەند كردووەو لەگەڵ بەرەو پێش چونی زیاتری مرۆڤایەتیدا، بەهاو گرنگی پەترۆڵ زیاتر دەبێ ولەبواری بەرفراوانتری ژیاندا نەخشی زیاتر دەگێڕێ.

هەر لەسەرەتای بەئابووری بونی دا، نەوت وەكو ووزەیەك ،بەسیاسی بوونیشی لێ ڕەنگ دەداتەوەو هەرزوو بووبەكێشەیەكی سیاسی چ بۆخاوەنەكانی وچ بۆئەوهێزە كولونیالیانەی كەدوای جەنگی یەكەمی جیهانی دەستیان بەسەر بەشی زۆری ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دا گرت. باشووری كوردستان، لەو نێوە ندە دا، وەكو هەرێمێكی دەوڵەمەند بەنەوت پتر لە زۆربەی ناوچەكانی دیكە گیرۆدەی ئەو دەبەریەكڕاچون و كێشمە كێشمە سیاسیانەی سەرچاوەگرتوو لەبەرژەوەندیە پەترۆڵیەكانی نێوان هێزە ناوچەیی و نێو دەوڵەتیەكان بوو.

توێژینەوەكەمان تەرخانكراوە بۆ ڕەهەندی ئابووری ڕێكەوتننامەی سایكس – پیكو، و بەتایبەتی كاریگەری فاكتەری نەوت ئەمەش بە پشت بەستن بەو ڕاستیەی كە زلهێزەكانی وەكو بەریتانیاو فەرەنسا تەماحە ئابووریەكانی خۆیان خزاندبۆ ناو ئەودانوستانانەی كەبەر لەڕێكەوتنەكە كرابوون و بەمەش لە داڕشتنەوەی نەخشەی دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆڵی كاریگەری هەبوو،بۆ شیكردنەوەی ئەوكاریگەریانە بەسەر كوردستانەوە، هەڵسەنگاندنی ڕەهەندی ئابووری ئەم ڕێكەوتنەكەمان كردۆتە تەوەری توێژینەوەكە،دیارە بایەخی توێژینەوەیەكی لەم شێوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە ئەو زانیاریانە دەخاتەڕوو هەڵیان دەسەنگێنێ

کەپەیوەستن بە کاریگەری و ڕۆڵی بەرژەوەندیە ئابووریەکانی زلهێزەکان لە دانوستانەکانی ڕێکەوتننامەکەو وە دەشێ لەم سۆنگەیەوە پەی بەوە ببەین کە مەسەلەی نەوت و ئەو چاوەڕوانیەی کە دەوڵەتە مەزنەکان لە ڕەنێوهێنان و گەرمکردنی بازاڕیان دا لەبارەی نەوتەوە ئەو کات هەیانبوو ئێستاش کاریگەریەکانی ئەو ڕەهەندە ئابووریە-سیاسیانەی نەخشەی ناوچەکەیان ڕەنگرێژکرد بەرچاون و لە هەلومەرجی ئێستای هەرێم دا ڕەنگدانەوەیان هەیە.

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەماکانی ڕێبازی ئەکادیمیانەی توێژینەوەی مێژوویی ڕۆنراوە و زانیاریەکانی پشت بەستوو بەسەرچاوە مێژووییەکان لەپەیوەندی بە ڕەهەندی ئابووری خراونەتەڕوو،خوێندنەوەی سەردەمیانەیان بۆکراوەو وێڕای شیکردنەوەو لەبەریەکڕانان"بۆئەم مەبەستەش لەهەندێك شوێن پشت بە میتۆدی لێگەڕان و بەراوردکاری (الإستقراو والمقارنه) بەستراوە.

ئەم توێژینەوەیە لەدوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم تەرخان کراوە بۆ باس کردنی پێگەی مێژوویی پەترۆڵ بەتایبەتی لەباشووری کوردستان ودیارترین چاڵە نەوتەکان و پێگە ئابوریەکەیان ،هەرچی تەوەری دووەمە تایبەتە بە هەڵوێست و ململانێی زلهێزەکان و ڕەنگدانەوەی لە ساتوسەودای ڕێکەوتننامەی سایکس پیکو، بۆیە لەژێر ناونیشانی پێگەی ئابووریانەی کوردستان لە ڕێکەوتننامەکەدا خراوەتە ڕوو،لەکۆتایشدا دیارترین ئەو ئەنجامانە بەپوختی ئاماژەیان پێکراوە کە توێژەر پێی گەیشتووە.لەگەڵ خستنە ڕووی چەند پێشنیارێك.

**تەوەری یەکەم**

**بایەخی مێژوویی پەترۆڵی کوردستان**

مێژووی نەوت ئەگەرچی وەکو پیشەسازیەکی بایەخدار دێرین نیە ،بەڵام لانی کەم لەسەدەی نۆزدەیەمەوە پێگەی ئابووری نەوت زیاتر وەدەرکەوت کە بەتایبەتی ئەوحەلە بۆ ڕوناکایی بەکاردەهات ،بەڵام لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هاوشان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی جیهان – بەتایبەتی ڕۆژئاوا – بە خۆیەوە بینی ،کە وزەی کارەبا بەرەبەرە بۆ ڕوناك کردنەوە بەکاردەهات ،ئیدی نەوت گرنگی لەبواری پیشەسازی و بازرگانی و گواستنەوەدا زیاتر بوو[1] ئەمەش وایکرد کە پەیتا پەیتا و ساڵ بەساڵ بایەخەکەی لە هەڵکشان دابێ وئێستاشی لەگەڵ بێ، هیچ شوێنگرەوەیەکی قایلکەر نی یە بۆ نەوت.

پەترۆڵ لەکوردستاندا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لەسەرچاوە مێژووییە جیاجیاکاندا ئاماژەی وامان هەن کەدەیسەلمێنێ هەرلەسەردەمەکانی پێش زاینەوە نەوت لەناوچەکەدا بوونی هەبووەو خەڵك پێی ئاشنابوون ،لەم باسەکورتەدا خۆمان دەبوێرین لەباسکردنی ووردەکاریە مێژووییەکانی بوونی نەوت لەکوردستاندا ،چونکە دەرکەوتووە کوردستان کۆنترین شوێنە لانی کەم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داکەنەوتی لێ دۆزرابێتەوە[2].

---

1 Revised: February 1, 2011 James D. Hamilton , Historical Oil Shocks

٢ عبدالحميد العلوجي و خضير عباس اللامى، الاصول التاريخية للنفط العراقى، (بغداد:١٩٧٥ج١،ص ٣٥

لەناوچـەکانی بابـەگورگوڕ و کفـری و مەنـدەلی و شـوێنەکانی دیکـەدا، نـەوت بەشـێوەیەکی سروشـتی هەڵقوڵاوەو جۆگەلەی بەستووەو وەکو گۆم کۆبۆتـەوەو خـەڵکیش بەشێوازی جیاجیا بەکوندەو گۆزەو ئامرازی دیکە بەکۆڵیێ یان لەسەر پشتی وولاخ گواستویانەتەوە و لە پێداویستیە هەمەجۆرەکانی ژیانـدا بـەکاریان هێناوە ،ماڵـەکانیان پـێ ڕووناك کردۆتـەوەو بۆچارەسـەری هەنـدێك نەخۆشـی سـودیان لێ وەرگرتـوەو هـەتا جاربـەجار لەبازاڕەکانیشدا فرۆشتویانە[1].

هەرلەسـەدەی نۆزدەیەمـەوە نـەوتی کوردسـتان سـەرنجی گەشـتیار و بازرگـان و سیاسـیەکانی ئـەوروپای ڕاکێشاوە و بەبایەخەوە هەندێکیان لەنوسراوەکانی خۆیاندا هـانی حکومەتـەکانی خۆیـان داوە مەسـەلەی بوونی نەوتی زۆر لەوناوچانەدا بەهەند وەربگرن. بەڵام لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست دا جیولوجی زانانی ئـەوروپی کـاری گـەڕان و پشـکنینیان ئـەنجام داوەو بۆیـان دەرکـەوتووە کوردسـتان خـەزێنەیـەکی نەوتـەو بەمەش سەرمایەدارانیان هانداوە سامانەکانیان لەو ناوچەیەدا بخەنەگەڕ [2].

ناوچـەی گـۆمی بـاکوور لـەعێراق کـەدەکا چاڵە نەوتـەکانی باشـووری کوردسـتان بەباشـترین جـۆری نـەوتی عێـراق دادەنرێـت چ لـە ڕووی کـوالیتی و هـەم لەلایـەنی تێچـونی، هـەروەها بەیـەك لەکێڵگـە گـەورەکانی نەوتـە لەجیهان دا دێنە هەژمار [3].

لەکۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەیـەم دەسـەڵاتدارانی عوسمـانی کـە حـوکمی ناوچـەکە یـان دەکـرد دەرکیـان بـەگرنگی نـەوتی باشـووری کوردسـتان (ویلایـەتی موسـڵ) کردبوودەیـانزانی کەئەڵمانـەکان پێشـەنگی هێـزە کولونیالیـەکانی ناوچـەکەن بۆهەڵپـەکردن بـەدوای دۆزینـەوەو وەبـەرهێنانی نـەوتی ویلایەتەکـە، بۆیـە سـوڵتان (عەبدولحەمیـد)ی عوسمـانی لـە سـاڵی ١٨٨٩دا فـەرمانێکی دەرکـرد بـەوەی کەویلایـەتی موسـڵ کـرا بـە موڵکی سوڵتانی و خرایە ژێر حوکمداریەتی تایبەت وبەو پێیە ئیمتیازی گەڕان بەدوای پەترۆڵی ویلایەتەکە دەگەڕایەوە بۆئەو موڵکدارە کە خودی سوڵتان بوو[4]. هەرلەبەر ئەو گرینگیـەش بـوو کـە دواتـر بـەپێی چـەند فـەرمانێکی دیکـە مافی پشکنین و کنەکردنی بەدوای نەوت دا لەوێندەرێ بۆخۆی قۆرخ کردوبەستیەوە بە خەزێنەی تایبەتەوە[5].

پـاش دۆزینـەوەی نـەوت لـە ئێـران لـە ناوچـەی مەسـجید سـولەیمان لـە سـاڵی ١٩٠٨ ئیـدی بایـەخی هەرسـێ ویلایەتە عوسمانیەکە ،موسڵ و بەغدا وبەسرە دەرکەوتن کە مەزەنـدەی بـوونی نـەوتی زۆر لـەو ناوچانە دەکرا.[6]

---

عیمـادەدین عمـر حسـن، دەرامەتـە کانزاییـەکان، توێژینەوەیەکـە لـەدوتوێی کتێبـی (جیوگرافیـای هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق ) بڵاوکراوەتەوە، (هەولێر:١٩٩٨) ل ١٦٨.

١ عبداللە غفور :جوگرافیای کوردستان،(هەولێر :٢٠٠٥) ل٣٥٩.

٢عبداللە غفور:جوگرافیای ئابووری نەفت لەکوردستاندا،(سلیمانی:٢٠٠١)ل٦٣.


٣ بڕوانە :عبدالستار محمد العلي:الطاقة وصناعة النفط والغاز في اقطار الخليج العربي، (بغداد:١٩٨٥) ص١٠٦

٤ نوری عبدالحمید خلیل:التاريخ السياسي لأمتياز ات النفط فيالعراق ١٩٢٥-١٩٥٢(بغداد:د.ت)ص٢١

٥ بڕوانە: فاضل حسين،مشكلة الموصل،(بغداد:١٩٥٥)ص٢٠٣.


6 Rice University Iraqes Oil sector ,Past Present and Future p 19 Amy Myers Jaffe, , www.bakerinstitute.org ,

بۆیە مێژووی دواتری ناوچەکە بەشێوەیەکی بەرچاو، وابەستەی مەسەلەی نەوت و جیاوك (إمتیاز ) دۆزینەوەو دەرهێنانی دەبێت .




نەخشەی ژمارە (١) ویلایەتی موسڵ لەسەردەمی عوسمانی

www.thefullwiki.org




نەخشەی ژمارە (٢) شوێنە نەوتیەکان لە ویلایەتی موسڵ .

www.foreignaffairs.com

لـه مـاوەی یەکـەم جـەنگی جیهـانی دا بایـەخی نـەوتی کوردسـتان لـەجاران زیـاتر دەرکـەوت و زلهێزەکـان لەململانێی خۆیاندا بەهەندیان وەرگرتبوو، چونکە گەر سەیری ناوچە پەترۆڵیەکانی کوردستان بکەین ،دەبینین کەوتونەتـە سـەر ئـەو هێڵـە بازرگانیـەی کەلەکۆنـەوە بەناوچـەکەدا تێدەپـەڕین و هاوکـات گرنگـی جیوپولـەتیکی ناوچـەکەی وەرمـێن خستوە ئەمـەش وایکردووەکـە بەتایبـەتی بەریتانیـەکان گرنگـی زیـاتر بـە نـەوت و پێگـەی ئـابووری ناوچـەکە بـدەن[1] . بـەم شـێوەیە لەوکاتـەوە ڕوونـتر لـەجاران ،بەسیاسـی بـوونی مەسـەلەی نـەوت دەردەکەوێی دۆزی باشووری کوردستان وەکوکێشەی میللەتێکی ژێردەستەو بەشخوراو بەشێوەیەك وابەستەی نـەوت و بەرژەوەندیـە ئابووریـەکانی زلهێـزە بـراوەو دۆڕاوەکـانی جـەنگ بووبـوو، کـە هـەتا لەڕێککـەوتن و دانوسـانەکانی دوای جـەنگ دا لەدابـەش کـردن و بەشـینەوەی دەسـتکەوتەکاندا ،مەسـەلەکە وەکومامەڵەیـەکی ئابووریانـەی تێکهـەڵکێش بەسیاسـەت دەبینـرێ و سـەودای لەسـەردەکرێ ولەسـەرئەو بناغەیـەو پاراسـتنی هاوسەنگی نێوان هێزەکان پۆلێن دەکرێ.

**تەوەری دووەم**

**پێگەی ئابووریانەی کوردستان لەڕێکەوتننامەی سایکس – پیکو**

ئیمپراتوریەتی عوسمانی کە زیاد لـە چوارسـەدە بەشـی هـەرە زۆری کوردسـتانی لـەبن دەسـت بـوو ، پـاش ئـەوەی لـە جـەنگی یەکـەمی جیهـانی ( ١٩١٤– ١٩١٨) بەشـداریکرد ، لەبەرامبـەر هێـزی هاوپـەیمانان شکسـتی خواردوو ئیدی لەکۆتایی نزیك بۆوە و زلهێزە هاوپەیمانەکان هەر لەساڵانی جەنگەکەدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتوریەکـەو دابەشـکردنیان دابـوو، بۆیـە ئیـدی چارەنووسـی ئـەو نەتـەوەو ئاینـە جیاجیایانـەی کـە لـەنێو چوارچێوەی ئیمپراتوریەتەکە بوون کەوتە دەست هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگ .

بەدرێژایی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتـر تایـەکلا کردنـەوەی کێشـەی ویلایـەتی موسڵ لەساڵی ١٩٢٦ ململانێیـەکی دژوار لەسـەر دەسـت بەسـەرداگرتنی میراتـی عوسمانیـەکان لەڕۆژهـەلاّتی ناوەڕسـت دا هاتـەگۆڕێ لەوانەیە مەسەلەی باشووری کوردستان کەئەو دەمە کێشەکەی بەهی ویلایەتی موسڵ ناسرابوو یـەك لـەدیارترین تەنگژە هـەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی سـەردەمەکە بـووبێ. ئاشکرایە کە کوردسـتانی سـەردەمی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی لـەدۆخێکی ناهـەمواری کۆمەلاّیـەتی و ئـابووری و سیاسـی دا بـوو، هـەژموونی زلهێزەکـان و دزەکردنـی بەرژەوەنـدی و بالاّدەسـتیان پـەیتا پـەیتا لەناوچـەکەدا هەسـتی پێـدەکرا " بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشـدا دەلیڤـەی نـوێی بەڕووی پتر بەنێودەوڵەتی بوونی دۆزی کورددا کردەوە و سەرەنجام دەرگای سەردەمێکی نوێی بەڕووی مێژووی کوردستان دا کردەوە .

---

[1] کامەران ئەحمـەد محمدامین:کوردستان لـەنێوان ململانێی نێودەوڵـەتی و ناوچـەیی دا ،١٨٩٠–١٩٣٢،(سلێمانی:٢٠٠٠) ل١٦٤– ١٦٥.

هەرچەندە ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا یەکەم دەوڵەتی ئەوروپی بوو کە دەرکی بەگرنگی نەوتی کوردستان کرد بوو بەبەرنامە دەیەویست بەدووچاڵە نەوتەکاندا بگەڕێ و هەوڵی وەبەرهێنانیان بدات ،بەڵام دواتر بەریتانیا لەهەمووەدەوڵەتانی ئەوروپی زیاتر بەتەنگ مسوگەر کردن وپاراستنی بەرژەوەندیە نەوتیەکانی دابوولەناوچەکەدا ،چونکە لەڕووی ستراتیژیشەوە بەریتانیەکان پێیان وابووکە کورد دەبنە لەمپەرێك لەنێوان میسوپۆتامیای عەرەبی و قەفقاس دا و هەروەها وولاتەکەیان پەترۆڵێکی زۆری تێدایەو بۆداهاتوی کۆلۆنیالی بەریتانیا بایەخی زۆرە، بەوپێیە بەریتانیا زانیاریە گرنگەکانی تایبەت بە نەوتی کوردستانی بەپەنهانی هێشتبۆوەو تەنانەت لەفەرنسای هاوپەیمانیشی شاردبۆوە[1].

هەرپێش دەستپێکردنی جەنگ تا دەهات رکابەری زلهێزەکان لەسەر ئایندەی بەهرەمەند بوون لە پەترۆڵی باشووری کوردستان گەرمتر دەبوو ،ئەوەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هاتە مەیدانەکەو ئەمەش فشاری زیاتری بۆسەر ئەلمان و ئینگلیزەکان دروستکرد وایکرد هەوڵەکانیان یەکبخەن بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیایەکیان بەناوی (کۆمپانیای ئیمتیازاتی ئەفریقی ڕۆژهەلاتی سنوردار ) دامەزراندو دواتر لەژێرناوی (کۆمپانیای نەوتی تورکی سنوردار) ڕێکیانخستەوە[2]. ئەم کۆمپانیایە توانی لە ساڵی ١٩١٤ئیمتیازی وەبەر هێنانی نەوت لە هەردوو ویلایەتی موسڵ و بەغدا لە حکومەتی عوسمانی بەدەست بهێنێ ،پاش چەند هەفتەیەك جەنگی یەکەم هەڵگیرساو بەریتانیا بەمەبەستی دورخستنەوەی ئەڵمانەکان و دەستگرتن بەسەر نەوتی ناوچەکەدا هەڵپەی گرتنی عێراقی دا [3]. هەرچی پەیوەستە بە روسیاوە، ئەوا نزیکی کوردستان و بایەخە ئابووریە بەرچاوەکەی بەتایبەتی لە بواری بازرگانی، کاریگەری زۆری هەبوو لە پتر گرنگی پێدانی روسەکان و دەرفەتی لەباری بو ئەوان هێنابۆ پێشێ کە گەشە بە بازرگانیەکەیان بدەن لەگەڵ چەند شارێکی ناوچە کوردنشینەکانی هاوسنوریان لە ودیوی قەفقاس" هەروەتر کالاو بەرهەمە پیشەسازیەکانی وولاتانی ئەوروپیش زۆربەی لەڕێگای روسیاوە دەگەیشتە بازارەکانی کوردستان ،ئەمەش پالی بەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی روسیا وەنا کە داوا لەوەزارەتی دەرەوەی وولاتەکەیان بکەن کونسولگەری و مەلبەندی بازرگانی جۆراو جۆر لە شارە کوردیەکان بکەنەوە ،ئەمەش ئەلمانەکانی نیگەران کردبوو کەبەهەموو شێوەیەك هەولیان دەدا پێگەی ئابووری روسیا بەتایبەتی لەکوردستانی ئێران لاوازبکەن[4].

١ کامەران ئەحمەد محمدامین:کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دا ،ل٦٤.

٢ محمد أزهر السماك ،إقتصاد النفط والسياسة النفطية ،أسس وتطبيقات ،دارالكتب للطباعة والنشر، (الموصل:١٩٨٧) ص٢١٨. لە ساڵی ١٩٢٩ئەو کۆمپانیایە ناوەکەی بوو بە کۆمپانیای نەوتی عێراقی، مير بصري ،كركوك مدينة النفط، مقال منشور ضمن كتاب :كركوك مدينة القوميات المتآخية ،دار ئاراس للطباعة والنشر،(اربيل:٢٠٠٩) ص ١٥٦.

٣ كامل السامرائي ،القوانين الخاصة بالنفط،منشورات المكتبة ألأهلية ،(بغداد:١٩٦٨) ص ج

٤ كمال مظهر أحمد ،كردستان في سنوات الحرب العالمية ألأولى ،ترجمة :محمد الملا عبدالكريم ،دار أراس للطباعة والنشر ،الطبعة الثالثة،(اربيل:٢٠١٣) ص٦٤.

لەو سەرو بەندەدا (لوید جۆرج)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا،لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی وولاّتەکەی دا جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەر بەریتانیا زۆریشی لەسەر بکەویّ ئەوا هەرگیز دەستبەرداری ناوچەکانی باکووری میسوپوتامیا(باشووری کوردستان) نابێت، ئەویش لەبەر چاڵە نەوتەکانی و سامانەسروشتی یە زۆرو زەبەندەکەی[1] هەرچەندە بەریتانیەکان دەرکیان بەوەکردبوو کە لەئاستی خۆجێی –واتا ناوچەکەدا– ئاستەنگی زۆر هەن لەبەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی وادا، هەروەکو لەبەڵگەنامەکانی ئەوکات ئاماژەی پێکراوە[2] بەم جۆرە کوردستان وەکو دەوڵەمەندترین ناوچەی پترۆڵی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست سەرنجی زلهێزەکانی ڕاکێشاو ئیدی کۆنترۆڵکردنی بوو بەیەك لە ئامانجەکانی زلهێزەکان و سەرەنجام کردیانە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ململانێیەکانیان[3]، هەر لەو پێناوەدا دەبینین کە بەریتانیا لەساڵی ١٩١٢ ئاگاداری دەوڵەتی عوسمانی کردبۆوە کە بەبیّ ڕەزامەندی حکومەتی بەریتانیا نابیّ ئیمتیازی نەوتی بەغداو ویلایەتی موسلّ بدات بە هیچ کەسێك"[4].
هەر لەبەر ئەوەش بەریتانیاو فەرەنسا لەپێناوی بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان ململانیّ سیاسیەکەیان قوڵتر بۆوەو کوردستانی باشووریش بووبەیەك لەمەیدانە بەرچاوەکانی ئەو دەبەریەکڕاچون و تێکگیران و ململانێیەو چارەنوسی خەڵکەکەی لەگەلّ بەرژەوەندیە نەوتیەکانی زلهێزەکان گرێدراو وەکو کێشەیەکی ئابووری نەك سیاسی خرایە ڕوو.

بایەخی ئابووریانەی کوردستان بۆ دەوڵەتی عوسمانی کە بۆ خۆی لێی بەهرەمەند بوو زۆر ئاشکراترو بەرچاوتر بوو،بەتایبەتی ویلایەتی موسل کە جگە لە دەوڵەمەندی بەنەوت، نێوچەیەکی کشتوکاڵی بەپیت وبەرهەمداری دانەوێڵەو سەرچاوەی ئاوی شیرین بوو،وێڕای بایەخی جیوپولەتیکی و ستراتیژی" بۆیە لە پەیوەندی بەزلهێزەکانەوە،عوسمانیەکان لەگەلّ ململانێیەکی سەخت و درێژخایەندا دەرگیر بوون کە گەلی کورد یەك لە قوربانیە سەرەکیەکانی ئەو دەبەریەکڕاچوون و رکابەریە خوێناویە بوو[5].

فەرەنسیەکان هەرچەندە نەیاندەویست لەگەلّ بەریتانیا تێکبگیرێن، بەلاّم بایەخی ئابووری ناوچە کوردیەکانیان بۆ دەرکەوتبوو،بۆیە بەشێوازی جیاجیا ،دەیانەویست هەلی بەهرەمەند بوون لەو بەرژەوەندیانە بقۆزنەوە، لەڕاستیدا بایەخی فەرەنسیەکان بە ئابووری کوردستان بەتایبەتی نەوتی ویلایەتی موسلّ، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم ، بەلاّم ئەوڕاپۆرتانەی کە لەگەشتەکەی: ل .س.تاسەرت ی فەرەنسی کەوتنەوە،کاریگەری بەرچاویان هەبوو لە پتر ئاشناکردنی فەرەنسیەکان بە بایەخە ئابووریەکەی کوردستانی

---

١ پارتی دیموکراتی کوردستان،مەکتەبی سیاسی ،مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە :نەوتی کوردستانی عێراق، (ب،ش:١٩٩٨)بەشی دووەم ،ل٢٢.

٢ ولید حمدي ،الکرد وکردستان في الوثائق البریطانیة ،(لندن :١٩٩١) ص ١٢٥

٣ عەزیز شەمزینی،جولاّنەوی ڕزگاری نیشتمانی ی کوردستان ،وەرگێڕانی :فەرید ئەسەسەرد،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،چاپی چوارەم ،(سلیمانی :٢٠٠٦) ل ١٣٨.

4 Helmut Mejcher, "Oil and British Policy towards Mesopotamia, 1914-1918," Middle Eastern Studies 8, no. 3 (October 1972):) p377-378.

٥ احمد عثمان ابوبکر،الآثار الکاملة ،اعداد:آزاد عبید صالح،منشورات مؤسسة □ین ،مطبعة شڤان،(سلیمانیة:٢٠٠٨) ج١،ص٢٦١.

باشوور ،تاسەرت کە لە ماوەی نێوان مانگی ئاب و تشرینی یەکەمی (ئوکتوبەر) ی ساڵی ١٩٠٨ دا گەشتێکی لەناوچە جیاجیاکانی ویلایەتی موسڵ ئەنجام دابوو کە ئەو لەڕاپۆرتەکانی ناوی لێناوە (کوردستانی تورکیا) کە زانیاری جۆراوجۆری تێدایە لەبارەی ناوچە نەوتیەکان لە گەیارە،زاخۆ و کەرکووك وە ئاماژەی تێدایە بۆ ئەگەری بوونی نەوتێکی زۆر لەو دەڤەرە تا سنوری وڵاتی فارس (ئێران) ،جێی سەرنجە کە دەزگا دەوڵەتیەکانی فەرەنسا لە زانیاریەکانی نێو ڕاپۆرتەکان ئاگادارکراونەتەوە[١].

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کەسەرجەم زلهێزەکانی سەروبەندی ڕێکەوتننامەی سایکس– پیکۆ ئاگاداری پێگەی ئابووری کوردستانی بن دەستی عوسمانی بوون"بۆیە کە جەنگی یەکەمی جیهانی بەرەبەرە لەقازانجی هاوپەیمانەکان خەریك بوو یەکلا دەبۆوە ،زلهێزەکان کەوتنەخۆ بۆ بەهرەمەندبوون لەمیراتی پیاوە نەخۆشەکە کە مەرگی نزیك بوو بۆوە، لەم پێناوەشدا زنجیرەیەك هەوڵ و ململانێی دبلۆماسی نێوخۆی هاوپەیمانەکان ڕەنگرێژی قۆناغێکی نوێی لەناوچەکەدا کرد کە کورستان لەنێو چەقی ئەو ململانێ یانەدا بوو .

سەرەتای دانوستانەکانی نێوان هاوپەیمانان بۆ گەڵاڵەکردنی ڕێکەوتننامەیەك بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی نێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی لەماوەی جەنگدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٥،کە کۆبوونەوەو نامەگۆڕینەوەو دیداری دبلوماسی جیاجیای لێکەوتەوەو نموونەیەك بوو لە دبلوماسی نهێنی نێوان زلهێزەکان کە ڕێکەوتننامەی سایکس _ پیکۆ ی لێکەوتەوە[٢].

لەنێو ئەو سات و سەودایەدا ڕەهەندی ئابووری کاریگەری بەرچاوی دروستکرد لە ئاڕاستەکردنی دانوستانەکان"ئەمەش بەتایبەتی لە نێو سیاسەتمەدارانی بەریتانی دا ،چونکە ئەوان کۆمیتەیەکیان پێکهێنابوو بەسەرۆکایەتی سێر دی بەنسن (دیبلوماسی و بالیۆزی پێشووی بەریتانیا لە لشبۆنە(لیسابون) و مەدرید وڤیننا) کە ئەرکی بریتی بوو لە دیاریکردنی پێگە و بەشی بەریتانیا لە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی نزیکی بن قەڵەمڕەوی عوسمانی،ئەو کۆمیتەیە لەنێوان هەردو مانگی نیسان و حوزەیرانی ساڵی ١٩١٥ دا سێزدە جار کۆبوونەوە و ڕاپۆرتێکیان بەناوی British Desiderate in Turkey and Asia (ئومێد یان خواستی بەریتانیا لەتورکیا و ئاسیا) گەڵاڵەکرد ،کەتێیدا بە ڕوونی ئاماژە بە ئاسایش و تەنایی مەسەلە جێی بایەخەکانی بەریتانیا کرابوو وەکو بەرهەمهێنانی نەوت، هاتوچۆی ئاوی و روبارەکان وبنیادنانی ژێرخانی ئاودێری ،هەروەکو لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە ڕیزبەندکردنی بەرژەوەندی و مەسەلە جێی بایەخەکانی بەریتانیا ئاسانە بەڵام چۆنیەتی وەدەستهێنان و دابینکردنیان قورسە ،هەرچۆنێك بێت لەلایەن کاربەدەستانی بەریتانیاوە کۆمیتەکە ناچارکراوە بۆئەوەی بابەتی دەستخستنی موسڵ لەبەر نەوتە زەبەندە پەنهانەکەی بخاتە نێو مەسەلە

1 Edward Peter Fitzgerald, France's Middle Eastern Ambitions, the Sykes-Picot Negotiations, and the Oil Fields of Mosul, 1915-1918, The Journal of Modern History 66 The University of Chicago Press (December 1994) p701.

٢ کمال مظهر أحمد،أضواء علی قضایا دولیة في الشرق الأوسط، دار الحریة للطباعة،(بغداد:١٩٧٨) ص١٢٥– ١٢٦.

بایەخدارەکان[1]، لەنێو ئەو کەسایەتیانەی کە نوێنەرایەتی وەزارەتی جەنگی بەریتانیان دەکرد لەنێو کۆمیتەکەدا سێر مارك سایکس – یەك لە ئەندازیارەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکو _هەبوو کە وێڕای هەندێك لە هاوڕێکانی بە بیانوی سەربازی ڕاسپاردەی ئەوەیان کردبوو کە پێویستە فراوانخوازی و داگیرکاریەکانی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا هەرتەنها بە گرتنی ناوچەکانی نێوان بەسراو بەغدا نەوەستێت بەڵکو دەبێ بکشێت بۆ ناوچەکانی دەڤەری موسڵ و دۆرماندۆری ویندەرێ ئەمەش لەبەر نەوتی ناوچەکە.[2] ئەمەش بەڕوونی نیشانی دەدات کە ئەوەی لە دانوستانەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ کەوتەوە پێشتر بەووردی پلانی بۆدانرابوو ئامادەسازی زۆری لەلایەن زلهێزەکانەوە بۆکرابوو .

فەرەنسیەکانیش بەووردی پلانڕێژیان کردبو بۆ خستنەڕووی چاوەڕوانی و ئومێدەکانیان لە دەستکەوتەکانی جەنگ لەنێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی دا ،بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی دەرەوە ئەرکی تاوتوێکردنی پێگەی فەرەنساو مەسەلەی ئەوەی کە ئایا ئەو دەوڵەتە پێویستی بە قەرەبوو هەیە کەبەهۆی کەم ڕۆڵ بینینی دەرگیری بوو بوو، سپارد بە جۆرج پیکۆ – ئەندازیارەکەی دیکەی ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ ، کە دەرکەوت، تاوتوێکان بەئاقاری ئەوەدا دەچن کە قەرەبووی فەرەنسا پێویستە خۆی لە دروستکردنی (سوریای مەزن) ببینێتەوە ،کە لەگەڵ تەماحە کۆلۆنیالیەکانی فەرەنسا دەهاتەوە ،ئەم مەسەلەیەش بەشێوەیەك گەلاڵەکرابوو کە پێویستە ئەو سوریایەی دادەمەزرێنرێت نابێت بچوك بێت بەڵکو دەبێت هەراوو گەورە بێت بۆ ئەوەی پێگەیەکی گەورەی دەرەکی هەبێت ،فەرەنسیەکان یاداشتیان کردووە کە دەبیت دەوڵەتەکە(مەبەست سوریای مەزن) ە لەپێگەیەکدا بێت، کەبتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێ،بۆیە وایان دانابوو کە پێویستە سنورەکەی لەباشوور فەلەستین لەخۆبگرێت و لەباکووریش کلیکیا ، هەرچی سنورە ڕۆژهەلاتیەکەشیەتی ئەوا بەدرێژایی زنجیرە چیای تۆرۆس دەکشێت و ویلایەتەکانی مەعمورەتولعەزیز و دیاربەکرو وان و لەوێشەوە بەرەو باشوور دەڕوا تخوب بەتخوبی ئەو چیایەیانەی حەوزی ڕووباری دیجلە دیاری دەکەن لەخوار موسڵەوە ئەو روبارە دەبڕێت وە لە سنووری هەرێمی دیرئەلزورەوە دەگاتە رووباری فورات،کە لەو ناوچانەدا کانزاکانی مس و قورقوشم و هی دیکە هەن ،هەروەتر لە پلانەکەی فەرەنسا بۆ دانوستان لەسەر دەستکەوتەکانی لەنێو چوارچێوەی ئەوەی دواتر بە سایکس –پیکۆ ناوزەد کرا هاتووە کە حەزدەکەن و ئومێدەوارن لەنێو چوارچێوەی ئەو قەوارەیەدا واتا (سوریای مەزن ) دەڤەری دەوروبەری کەرکووکی تێدابێت ،بەلاَم نەشیان شاردبۆوە کە مەترسی ئەوەیان هەیە کە ئینگلیزەکان رازی نەبن سنوورەکەیان تا وێندەرێ – واتا دەوروبەری کەرکووك– بچێت[3] .

1 V. Rothwell, "Mesopotamia in British War Aims, 1914- 1918," Historical Journal 13, no. 2 (1970):p 73
2 Aaron S. Klieman, "Britain's War Aims in the Middle East in 1915," Journal of Contemporary History 3, no. 3 (July 1968): p 242-245.
3 Fitzgerald,op.cit.p709.

هەرچی روسەکانن ئەوا بەهۆی بەرژەوەندیە زۆرەکانیان هاوشێوەی بەریتانیاو فەرەنسا چاویان لە وەبوو لە دابەشکردنی قەڵەمڕەوی عوسمانی ئەوانیش پشکیان بەربکەوێت،بۆیە بووبوونە بەشێك لە لایەنەکانی دانوستانەکان ،هەر لەو پێناوەشدا بەریتانیا دەیەویست روسەکان قایل بکات بەوەی چەند ناوچەیەکیان پێبدرێت بۆیە لەنامەیەکدا کە مارك سایکس بۆ باڵیۆزی ووڵاتەکەی لە پێترۆگراد ناردویەتی لەمانگی مارتی ساڵی ١٩١٦ ئەو هێڵەگشتیانەی ڕوونکردوتەوە کە ناوچەی قەڵەمڕەوی ئایندەی رووس وفەرەنسیەکان لە ناوچەکەدا پێکدەهێنن، بەوەی کەروسیا ناوچەکانی ئەرزروم و وان وبدلیس ی بەردەکەویچت بەڵام فەرەنسا بەشێکی ئەرمینیای پێدەبڕێت کەمارك سایکس پێی باش بووەدەشتی موش کەناوچەیەکی کوردیە بخرێتە سەر بەشەکەی فەرەنسا،بەڵام وەزیری دەرەوەی روسیا بۆئەم دابەشکاریە پرۆژەی خۆی هەبوو کەدەیەویست سەرجەم ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی نێوان دەریای ڕەش و گۆلی ورمیێ بکەونە بن دەستی روسیا وەبەشی فەرەنساش تەنها بریتی بێت لە ناوچە کەناریەکانی سوریا لە کلکیاوە درێژدەبێتەوە بەرەو عەکا لەوێشەوە بگات بە هیڵی عەنتاب ئورفە وماردین و لەخواری قەڵەمڕەوی روسیاوە بگاتە گۆلی ورمێ ،هەرچی بەشی بەریتانیاشە ئەوا پێویستە عێراقی عەرەبی بێت بەهاوسنووری ئێران و کەنداوی فارسی ،وە لەلایەن وەزیری دەرەوەی روسیا ئەوەش بەهەند وەرگیراوە کە واباشترە روسیا لەوناوچە جێ نفوزانە هاوسنووری بەریتانیاو فەرەنسا نەبێت و شیاوترە دەوڵەتێکی موسوڵمان ناوچەی قەڵەمڕەویان لە روسیا جیا بکاتەوە[1].

پاش چەند دانوستانێکی دیکەو بیروڕاگۆڕینەوەی بەردەوام لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٦ دا ڕێکەوتننامەی ناسراو بە سایکس- پیکۆ کەگونجاوە ناوی سازەنەڤ یشی بخرێتە پاڵ گەلاڵەو چوارچێوەبەندی کۆتایی وەرگرت و لە دوازدە خاڵدا چڕکرابۆوە،بەپێی ڕێکەوتننامەکە قەڵەمڕەوی فەرەنسی پێکدەهات لە ئورفە وعینتاب و ماردین و دیاربەکرو ویلایەتی موسڵ و هەندێك کەناراوی سوریاو لوبنان و ئەدەنەو کلیکیا ئەم ناوچانە بە دەڤەری (A) ناوزەدکران ولەسەرنەخشە بە ڕەنگی شین جیاکرانەوە،هەرچی ناوچەی قەڵەمڕەوی بەریتانیایە ئەوا پێکدەهات لە میزۆپۆتامیا ویلایەتەکانی بەسراو بەغدا و ناوچەی ئوردن و کوێت و بەندەرەکانی حەیفاو عەکا ئەم ناوچانەش بەدەڤەری (B) ناوزەدکران و بەڕەنگی سور جیاکرانەوە،هەرچی روسیایە ئەوا ناوچەکانی ئەرزروم و ترابزون وبدلیس و موش ئەو هێڵەی بەسەر ناوچەکانی ئامێدی و مەرگەوەڕ دەڕوانێت لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دیکەی باشووری ئاسیای بچوکی بۆ دیاریکرابوو[2].

---

١ بڕوانە: سروه أسعد صابر،كوردستان من بداية الحرب العالمية الأولى الى نهاية مشكلة الموصل،دراسة تاريخية سياسية وثائقية،مؤسسة موركرياني للطباعة والنشر،مطبعة وزارة اتربية،(اربيل:٢٠٠١) ص٦٩-٧١.

٢ ئازاد نەقشبەندی ، ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆو کوردستان ،گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٧) (هەولێر ،١٩٩٨ ) ،ل ٦-٧" هەروەها بڕوانە:دلشاد عمر عبدالعزيز،نەوتی کەرکوك و ململانێی زلهێزەکان،(١٨٩٠-١٩٢٧) چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،(کەرکوك:٢٠١١) ل١٦١-١٦٢.

بەوورد بوونەوە لەوردیاریکردنەی بۆ ناوچەی قەڵەمڕەوەکان کراوە بەئاسانی مرۆڤ تێدەگات کە بەرژەوەندیە ئابووریەکان لەو دابەشکردنانە چەند زاڵن و چۆن ڕەنگڕێژی کراون ،هەریەکە لەزلهێزەکان پشکی خۆیان لە ناوچە کوردیەکان دیاریکردووە لەسەر بنەمای دیدی جیوستراتیجی و ئابووری گونجاو لەگەڵ مەیلە کولونیالیستیەکانیان .

بەدەر لەوپێگە ئابووریەی نەوت کە لەنێو دانوستانەکاندا ڕۆڵی بینی، لەنێو بەندەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ ئاماژەی ئابووری دیکە هەن وەکوئەوەی کە بەندەری ئەسکەندەرونە ئازادبێت بۆ دەریاوانی و بازرگانی کەلو پەلی بەریتانی و هەمان شتیش بۆ بەندەری حەیفا ،ئەمە جگە لەو بایەخە ئابووریەی کە بە هێڵی ئاسنی بەغدا هەتا موسڵ و هێڵی دیکە لەنێو قەڵەمڕەوی بەریتانی وفەرەنسی درابوو ،وێڕای باسکردنی گومرگ و تەعریفەی گومرگی لەو ناوچانەو یەکالآکردنیان بە قازانجی هەردو زلهێزەکە .کەناوچە کوردنشینەکانیشی دەگرتەوە[1].

بەم شێوەیە دیارە لەڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ  لە ١٩١٦ دا مەسەلەی نەوت و لەداهاتوودا دابەش کردنی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان ڕوسیا و بەریتانیاو فەرەنسا ڕیککەوتنی لەسەر کراو بەو پێیە بەشێکی کوردستان لەسات و سەودای داگیرکەرانـدا دابەش کراو کەبەبۆچونی هەندێك لەپسپۆران ڕێکەوتننامەکە یەك لەمەترسیدارترین ڕێکەوتنە کۆلۆنیالیە نێو دەوڵەتیەکانە دەرهەق بەکوردو وولآتەکەی[2]. جێی ئاماژەیە ئەم ڕێکەوتن نامەیە بەنهێنی بوو تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئوکتوبەری ١٩١٧ لە ڕوسیای قەیسەری ،کەبەمەش جێبەجێکردنی گرفتی تێکەوت بەلآم کاریگەریەکانی دوای جەنگ بەتەواوی دەرکەوتن([3])، کە جێی گومان نیە مەسەلەی نەوت کاریگەری سەرەکی هەبوو هەم لەدانوستانەکان و هەم لەفۆرمۆلەکردنی ڕیککەوتنەکە.

بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ دواتر سازانۆڤ ، بەشی هەرە زۆری ویلایەتی موسڵ – کوردستانی باشور وەکو ناوچەی نفوزی فەرەنسا دانرابوو ، بەلآم سیاسەتی بەریتانیا کەوتە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەی کە شورشی ئوکتوبەر لەگەڵ خۆی هێنای وکە بەلشەڤیکەکان بە ڕێکەوتنی سایکس بیکو دواتر سازانوڤ رازی نەبوون ،ئەمەش وایکرد کە بەریتانیا بیر لەوە بکاتەوە لە ناوچەکەدا پانتاییەکی قەڵەمڕەوفەرەنسی

---

١ بڕوانە : Sykes-Picot Agreement

From World War I Document Archive WWI Document Archive > Official Papers
*15 & 16 May, 1916:* wwi.lib.byu.edu.


٢ د.ئازاد نەقشبەندی: سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٣ ویلسون ناثانهیل هاول،الکورد والإتحاد السوفیتي، ترجمة :ضیاءالدین المرعب ،منشورات دار الثقافة والنشر الکردیة ،مطبعة أیلاف ،(بغداد:٢٠٠٦) ص ١٢٩-١٣٠.

بکاته لەمپەر .کە کوردیش پێی خوش نەبوو بکەویتە ناو داگیرکاری فەرەنسی.ئەمە لەحاڵێکدا مانەوەیان لەژێر داگیرکاری بەریتانی مانای ئومێدی زیاتری پێدەبەخشین[1].

بەڵام بەریتانیا کە سات و سەودای نەوتی ئەو کات زۆر بەگرنگ وەرگرتبووبەتایبەت پاش داگیر کردنی ویلایەتی موسڵ سیاسەتێکی دیکە هاتە گۆڕێ ،ئەویش پاش ئەوەی بەتەواوی زانرا کەناوچەکە نەوتێکی زۆری لێیە بۆیە بەریتانیا لەهەڵپەی ئەوە دابوو کە بەشێوەیەك لەشێوەکان فەرەنسا قایل بکات بەوەی دەست لەویلایەتی موسڵ هەڵبگرێت ولەبەرامبەردا ناوچەی کیلیکیای بدرێتێ[2]، و ئەمەشی بۆ مەیسەر بوو پاش ئەوەی فەرەنسای بە وەرگرتنی ڕێژەی ٢٦٪ ی نەوتی ویلایەتەکە رازی کرد[3]. سەرەنجام فەرەنسا دانی نا بەهەموو ماف و بەرژەوەندیە کانی بەریتانیا لە ویلایەتی موسڵ ،کەلەپێش هەموویانەوە بەرژەوەندە نەوتیەکان بوون[4].

پێدەچوو نەوتی میزۆپۆتامیا وەکو فاکتەرێکی ستراتیجی و ئابووری لە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی جەنگی بەریتانیا ڕۆڵی هەبووبێ ، کە ئارەزوی دەست بەسەرداگرتنی لەگەڵ گەرم بوونی شەڕ لە زیاد بوون دابوو، هەرچەندە حەزی پاوان کردنی نەوتی وێندەرێ پێش جەنگیش لە سیاسەتی بەریتانیادا هەستی پێدەکرا[5].




نەخشەی ژمارە (٣) ناوچەی قەڵەمڕەوی بەریتانی و فەرەنسی بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس- پیکو

www.jewishvirtuallibrary.org


1 SAAD ESKANDER ,Britain's Policy in Southern Kurdistan: The Formation and the Termination of the First Kurdish Government, 1918-1919, British Journal of Middle Eastern Studies, Vol. 27, No. 2 (Nov., 2000) p144.

٢ بڕوانە : فاضل حسين :مشكلة الموصل ،ص٣٠٤، درية عوني :الاكراد، (القاهرة:١٩٩٩) ص١٢٢.

٣ حامد محمود عيسى،المشكلة الكردية في الشرق الأوسط ،مكتبة مدبولي،مطبعة أطلس،(القاهرة :١٩٩٢) ص ٦٥.

٤ كمال مظهر أحمد ،كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى ، ص ٣١٦-٣١٧.

5 Hilmut Mezcher, Imprial Quest for Oil , Iraq 1910-1928, (Oxford:1976) p29




**نەخشەی ژمارە (٤) دابەشکاری نێوان بەریتانیاو فەرەنسا بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکو**

www.zonu.com

**لە دوای تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بەریتانیا کە بالاّ دەستی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بوو ،لەجاران لە گوڕتر لەهەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیە نەوتیەکانی بوو ،بۆیە دەستی بەسەر پشکی ئەلمانیا لە کومپانیای پەترولی تورکی ( TPC) دا گرت کە لە ٢٥٪ بوو ،وە کاری بۆ ئەوە دەکرد هی فەرەنساش بەو دەردە بەرێ[١] .**

**هەرچەندە ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ بەپێی بۆچوونی هەندێك لەتوێژەران پێش ئەوەی ئاشکرابێت ئەوا لەبار چوو بوو یان کوژرابوو ،چونکە بەندەکانی پاشەکشەپێکردن و جێبەجێنەکردن و هەندێکیشیان پەشیمان بوونەوەیان بەسەرداهاتووە[٢]، بەلاّم حاشا هەڵنەگرە کە دیدو سیاسەتی زلهێزەکان بۆ ئیدارەدان و ئایندەی ناوچەکانی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی لە بەری ئاسیا ،بەتایبەتی لەدوای جەنگی یەکەم مۆرك و سیمای ڕێکەوتننامەی سایکس–پیکۆی بە ئاشکرا پێوە دیار بوو ،کە کاریگەری و هەژموونەکەی تا ئێستاش درێژەی هەیە .**

1 Tariq Shafiq ,Iraq’s Oil History: Prospects & Limitations, IEA workshop IRAQ ENERGY OUTLOOK ,4 May 2012, Istanbul ,www.IraqOil Forum.com,P3.

**٢ بڕوانە:جرجیس فتح الله،یقظة الکرد،دار آراس للطباعة والنشر،(اربیل:٢٠١٢) ص١١٥–١١٦.**

**ئەنجام**

لـەوەی لـەدوتوێی لاپـەڕەکانی پێشـوودا خرایـە ڕوو دەگـەین بەچـەند ئـەنجامێك کـە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە پوختیان دەکەینەوە:

– دانوستانەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس–پیکۆ هەم درێژوو هەمیش پەنهان و دور لە ڕاگەیاندن و دەرخستن بوون،ئەمەش بۆ سروشتی بەرژەوەندی ئامێزو کۆلۆنیالیانەی دانوستانەکان و ئامانجەکانی دەگەڕایەوە .

– هەرچـەندە ڕێکەوتنەکـە تایبـەت نـەبوو بەکوردسـتان و ناوچـەی دیکـەی قەڵـەمڕەوی ئاسـیایی دەوڵـەتی عوسمانیشـی گرتبـۆوە ،بـەڵام هـەم جێبەجێکرنەکـەی و هـەمیش سیاسـەتی زلهێزەکـان لـەدوای جـەنگی یەکـەم لەکوردستانی عوسمانی پێشتردا پتر ڕەنگڕێژی ئەو دیدو ستراتیجەبوو کەلە ڕێکەوتننامەکە دا لـەلایان گەلاڵە بووبوو.

– ڕەهەنـدی ئـابووری دیـاری ڕێکەوتننامەکـە لـەوەی کـە پەیوەنـدی بەکوردسـتانەوە هـەبو زیـاتر خـۆی لـە دابینکردنی ناوچە دەوڵەمەندەکان بەنەوت دا دەبینیەوە بەتایبەتی لەویلایەتی موسڵ کە کەرکوکیش بەشێك بوو لەو ویلایەتە ،هەرچەندە بەمەزەندە بۆ فەرەنسا دانرابوو بەڵام بەریتانیا بە ئەزموونی دبلوماسیانەی خۆی توانی لە چنگی فەرەنسای دەربێنێ و بیخاتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی.

– هەڵەیە کە ڕەهەندە ئابووریەکانی ڕێکەوتنەکە تەنها لەوەدا سنوردار بکەین کە پەیوەندی بەنەوتەوە هـەبێت ،چونکە بوونی کانزای دیکە لەکوردستان و شوێنی ستراتیجی بۆ بازرگانی و ساغکردنەوەی کاڵای زلهێزەکـان و ڕاکێشـانی هێڵـی ئاسـن و ئـەو بەرژەوەندیـە ئابووریانـەی لەهـەموو ئەمانـە دەکەونـەوە ،لـە فۆرمۆڵـەکردنی ڕێکەوتننامەکەدا ڕۆڵیان هەبوو.

**پێشنیارەکان :**

پاش تاوتوێکردنی زانیاریە مێژووییەکانی تایبەت بە ڕەهەندە ئابووریەکانی ڕێکەوتننامـەی سـایکس –پیکـۆ و گەیشـاتن بـە چـەند ئـەنجامێك، لـە کۆتاییـدا بەپێویسـتی دەزانـین چـەند پێشـنیارێك بخەینـەڕوو بەمەبەسـتی لەبەرچاوگرتنی لەلایەن دەزگاپەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان :

١– هاندانی دەزگا ئەکادیمیەکان و توێـژەران بە ئەنجام دانی توێژینـەوەی جیاجیا لـەبارەی ڕێکەوتننامـەی سایکس – پیکۆ لـە چوارچێوەی ڕەهەنـدە جیاوازەکانی وەکو (مێژوویی ،ئابووری ،جوگراف، کۆمەڵایـەتی وە سیاسی و جیوپولەتیکی).

٢–کردنەوەی ئەرشیفخانەی تایبـەت بـە و ڕێکەوتنـە مێژوویيانـەی چ داگیرکـەرانی کوردستان و چ زلهێزەکـان ئەنجامیان داوەو کوردو کوردستان تێیدا بابـەتی دانوسـتان و سـەوداکردن بووە،ئەمـەش چ بەپەیداکردنی دەقە ڕەسـەنەکانی ئـەو ڕێکەوتننامانـە لـە ئەرشـیفی وولاّتـان یـان کۆپیـەکانیان لەگـەڵ سـەرجەم ئـەو کـەلو پـەل و شمەکانەی پەیوەندیدارن بەو ڕێکەوتننامانە.

٣-كاركردنی دەزگا سیاسیەکانی کوردستان بۆ بەرچاوڕوونکردنی دەوڵەتە ناوچەیی و کاریگەرەکانی دونیا بەتایبەتیش ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بە کاریگەریەکانی ڕێکەوتنەکە لەسەر کوردستان و ئەو ستەم و بێدادی و مافخوراویەی کورد لە سۆنگەی ئەم ڕێکەوتنەوە توشی بووە چۆنیەتی قوتاربوون و هاتنەدەری کورد لەژێرباری ئەو ناهەقیەی بەرامبەری کراوە بەڕەوا زانینی مافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان و ڕێزگرتن لە بڕیاری هاوڵاتیانی کوردستان سەبارەت بە ئایندەی سیاسی وولآتەکەیان.

## لیستی سەرچاوەکان:

### أ- سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:


١. احمد عثمان ابوبكر،الآثار الكاملة ،اعداد:آزاد عبيد صالح،منشورات مؤسسة ین، مطبعة شظان،(سليمانية:٢٠٠٨)

٢. جرجيس فتح الله،يقظة الكرد،دار آراس للطباعة والنشر،(اربيل:٢٠١٢)

٣. حامد محمود عيسى،المشكلة الكردية في الشرق ألأوسط ،مكتبة مدبولي،مطبعة أطلس،(القاهرة :١٩٩٢)

٤. درية عونى :الاكراد،(القاهرة:١٩٩٩)

٥. سروه أسعد صابر،كوردستان من بداية الحرب العالمية الأولى الى نهاية مشكلة الموصل،دراسة تاريخية سياسية وثائقية،مؤسسة موركرياني للطباعة والنشر،مطبعة وزارة اتربية،(اربيل:٢٠٠١)

٦. عبدالحميد العلوجى و خضيرعباس اللامى ،الاصول التاريخية للنفط العراقى ،(بغداد:١٩٧٥)

٧. عبدالستار محمد العلى:الطاقة وصناعة النفط والغاز فىاقطار الخليج العربى، (بغداد:١٩٨٥)

٨. فاضل حسين،مشكلة الموصل،(بغداد:١٩٥٥)

٩. كامل السامرائي ،القوانين الخاصة بالنفط،منشورات المكتبة ألأهلية ،(بغداد:١٩٦٨)

١٠. كمال مظهر أحمد ، أضواء على قضايا دولية في الشرق الأوسط، دار الحرية للطباعة،(بغداد:١٩٧٨)

١١. كردستان في سنوات الحرب العالمية ألأولى ،ترجمة :محمد الملا عبدالكريم ،دار أراس للطباعة والنشر ،الطبعة الثالثة،(اربيل:٢٠١٣)

١٢. محمد أزهر السماك ،إقتصاد النفط والسياسة النفطية ،أسس وتطبيقات ،دارالكتب للطباعة والنشر، (الموصل:١٩٨٧)

١٣. مير بصري ،كركوك مدينة النفط، مقال منشور ضمن كتاب :كركوك مدينة القوميات المتآخية ،دار ئاراس للطباعة والنشر،(اربيل:٢٠٠٩)

١٤. نورى عبدالحميد خليل:التاريخ السياسى لأمتياز ات النفط فى العراق ١٩٢٥-١٩٥٢(بغداد:د.ت)

١٥. وليد حمدي ،الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية ،(لندن :١٩٩١)

١٦.  ويلسون ناثانهيل هاول،الكورد والإتحاد السوفيتي، ترجمة :ضياءالدين المرعب ،منشورات دار الثقافة والنشر الكردية ،مطبعة أيلاف ،(بغداد:٢٠٠٦)

ب-  سەرچاوە بەزمانی کوردی :

١٧.  ئازاد نەقشبەندی ، ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ کوردستان ،گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٧) (هەولێر ،١٩٩٨ )

١٨.  پارتی دیموکراتی کوردستان،مەکتەبی سیاسی ،مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە :نەوتی کوردستانی عێراق، (ب،ش:١٩٩٨)

١٩.  دلشاد عمر عبدالعزیز،نەوتی کەرکوك و ململانێی زلهێزەکان،(١٨٩٠–١٩٢٧) چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،(کەرکوك:٢٠١١)

٢٠.  عبدالله غفور :جوگرافیای کوردستان،(هەولێر :٢٠٠٥)

جوگرافیای ئابووری نەفت لەکوردستاندا،(سلیمانی:٢٠٠١)

٢١.  عەزیز شەمزینی،جولأنەوی ڕزگاری نیشتمانی ی کوردستان ،وەرگێڕانی :فەرید ئەسەسەرد،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،چاپی چوارەم ،(سلیمانی :٢٠٠٦)

٢٢.  کامەران ئەحمەد محمدامین:کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دا ،١٨٩٠–١٩٣٢،(سلێمانی:٢٠٠٠)

ج–سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی:

23. Aaron S. Klieman, "Britain's War Aims in the Middle East in 1915," Journal of Contemporary History 3, no. 3 (July 1968)

24. Amy Myers Jaffe, Iraqes Oil sector ,Past Present and Future Rice University , www.bakerinstitute.org

25. Edward Peter Fitzgerald, France's Middle Eastern Ambitions, the Sykes-Picot Negotiations, and the Oil Fields of Mosul, 1915-1918, The Journal of Modern History 66 The University of Chicago Press (December 1994).

26. Sykes-Picot Agreement From World War I Document Archive WWI Document Archive. Official Papers. 15 & 16 May, 1916: *wwi.lib.byu.edu.*

27. Hilmut Mejcher, -Imprial Quest for Oil , Iraq 191.-1928, (Oxford:1976)

28. -"Oil and British Policy towards Mesopotamia, 1914-1918," Middle Eastern Studies 8, no. 3 (October 1972).

29. James D. Hamilton , Historical Oil Shocks Revised: February 1, 2.11 www.dss.ucsd.edu.

30. SAAD ESKANDER ,Britain's Policy in Southern Kurdistan: The Formation and the Termination of the First Kurdish Government, 1918-1919, British Journal of Middle Eastern Studies, Vol. 27, No. 2 (Nov., 2...).
31. Tariq Shafiq ,Iraq’s Oil History: Prospects & Limitations, IEA workshop IRAQ ENERGY OUTLOOK ,4 May 2.12, Istanbul ,*www.IraqOil Forum.com.*
32. V. Rothwell, "Mesopotamia in British War Aims, 1914- 1918," Historical Journal 13, no. 2 (197.

**د. سایتە ئەلەکترۆنیەکان:**

www.thefullwiki.org
www.foreignaffairs.com
www.zonu.com
www.jewishvirtuallibrary.org

## ABSTRACT

The Sykes-Picot secret agreement signed by Britain, France, Tsarist Russia, representatives of the sixteenth of May of 1916, which remained under wraps until ripen the surrounding circumstances, and calm down the region that were experiencing significant political developments during the First World War. France had cost the agreement was signed George W. Pico Consul former in Beirut and high commissioner to follow the Near Eastern Affairs, while such as Britain's Sir Mark Sykes traveler and orientalist and the British High Commissioner for Near Eastern Affairs, was the role of the Russian delegate Sazanov overseeing the negotiations between the two countries, those negotiations took place in Cairo and then I moved to another yard further from the East were not only Russian city of St. Petersburg.

Search the subject of this agreement very much in the political aspects and diplomacy as well as the results that emerged after the end of World War, but we believe that the economic aspect of the agreement need to further study and analysis, so we have dedicated this research to clarify the economic factors that have had a major role in shaping policy applied as a result of an agreement .bgesna on the subject of oil, and the British and French ambitions in the oil state of Mosul and control of the roads and the possession of the goods and the economies of the region, particularly in South Kurdistan and decides that Palestine is under an international administration to be agreed upon in consultation between Britain, France and Russia. But the text of the agreement to give Britain the ports of Haifa and Acre to be France's freedom to use the port of Haifa, and was awarded France to Britain in return the use of the port of Iskenderun, which was falling in their possession.

At the end of the research were presented research results on the role of the economy in the drafting of the Convention, and even though their application was not in the same context that was unanimously agreed during the war.